## مەلای قەراجی:

# شیعر لەهەموو کاتێك تامو چێژی خۆی هەیە

**زریان ئیسماعیل**

**مەلای قەراجی ناوێکی ناسراوە لەدەڤەری مەخموور، لەزۆربەی ڤیستیڤاڵە شیعرییەکان وەك پێشەنگ لەوبوارەدا دەرکەوتووە، لەوچاوپێکەوتنەیدا تیشك دەخاتە سەرژیانی خۆیو پێی وایە شیعر لەهەموو کاتو ساتێکدا تاموچێژی خۆی هەیە.**

*** بابزانین مەلای قەراجی کێیە؟**

– قاسم مەلا محێدین مەلا تۆفیق ناسراوم بە مەلای قەراجی، لەساڵی ١٩٥٣ لەگوندی گردی گۆم لەدەشتی کاکی بەکاکی قەراجی سەر بەقەزای مەخموور لەدایکبوومە، لەساڵی ١٩٧٩ ژیانی هاوسەریم پێك هێناوە، ئێستاش وەك پیشە دوکاندارمو ئێوارانیش وەك باخچەوان کاردەکەم.

*** هەروەك زۆربەی شاعیرانی کۆن لەحوجرە خوێندووتە یان لەقوتابخانە؟**

– هەروەك زۆربەی شاعیرانی کۆن لەحوجرە لای باوکم و لای مەلا محەمەدی مەلای گوندەکەمان خوێندوومە، دواتر چوومەتە هەولێرو لەساڵی ١٩٦٩ گەڕاینەوە مەخموور لەقوتابخانەی قەراج سەرەتاییم تەواوکرد، بەڵام کوێرەوەری ژیان ڕێگەی نەدام بەردەوام بم لەخوێندن، بەڵام لەکاتی سەربازیمدا بەردەوام بووم لەخوێندنی ئایینیو لای مامۆستا ئیبراهیم نیعمە پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی نەبی یونسو مامۆستا عەبدولوەهاب شەماع پێشنوێژی مزگەوتی نەبی جەرجیسو مامۆستا مەلائەیوب ئیمامی مزگەتی (علی الهادی) لە سامەڕا.

*** لەکەیەوە دەستت بەشیعر نووسین کردووە؟**

– دەتوانم بڵێم لەساڵی ١٩٦٧ ئەوکاتە لەپۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم ئیلهامی شیعرم بۆ دەهات، کانییەك بوو لەبیرو هەستم دەسوڕایەوە، ئەوکانییە لەساڵی ١٩٧٠ تەقیەوەو چاوگەکانی دەستیان کرد بە هەڵقوڵان، سەبارەت بەرێچکەی شیعریشم من لەحوجرەوە فێری خوێندەواری بووم دەبێت شیعرەکانم لەسەر ڕێچکەی شاعیرە هەرگیز نەمرەکانی حوجرەو مزگەوت بێت ئەویش شیعری کلاسیکە بەکێش و سەرواو شیعرەکانیشم باس لەنەهامەتی گەڵە ستەمدیدەکەمو عەشقی خاكو دارو بەردو سروشتە جوانەکەی کوردستان، هەروەك شیعری ئایینیو تەسەوفیشم هەیە، تەنها لەرۆژنامەو گۆڤارەکان شیعرم بڵاوکردۆتەوە ئەویش زۆر بەکەمی، حەزم لێ نییە شیعرەکانم بەناملیکە بڵاوبکەمەوە، بەڵکو پێمخۆشە بیانگەم بەدیوانێك.

*** لەچەند ڤیستیڤاڵو کۆڕ بەشداربووی؟**

– یەکەم کۆڕی شیعریم لەساڵی ١٩٨٨ بوو لەشاری هەولێر، لەساڵی ٢٠٠٣ش بەدواوە بەردەوام بەشداریم کردووە، ساڵی واهەبووە سێ تاچوار جار بەشداری ڤیستیڤاڵم کردووە.

*** جگە لەخۆت ئایا کەسی تر لەبنەماڵەکەتان شاعیرن؟**

– ئێمە بەبنەچە شاعیرین، وەکو مەلامحەمەدی مامم، هەروەها عومەر رەسولی خاڵمو، مامۆستا ئیبراهیم و مەلا محەمەدی برام ئەوانیش شاعیرن.

*** چۆن دەڕوانیتە ڕێچکەی شیعری ئازاد یان سەربەست؟**

– شیعر لەهەموو کاتو ساتێکدا تاموچێژی خۆی هەیە، هەموو شاعیرێکی سەرکەوتوو جێگای فەخرو شانازییە، وەکو مەولەویو هێمنو پیرەمێردو سافی بەراستی ئەوانە قوتابخانەبوون، ئێستاش شاعیری نوێخوازی پێشکەوتوومان هەیە وەکو لەتیف هەڵمەتو شێرکۆبێکەسو موحسین شوانیو مامۆستا یوسف خالیدو چەندانی تر، پێشتریش شیعرەکانی نالیو سافیو مەولەویو گۆرانم دەخوێندەوە، بەڵام ئێستا زۆر بەکەمی دەیانخوێنمەوە.

*** یادگارییەکی خۆش ئەگەر بۆمان باسبەکەیت؟**

– ڕۆژێك ڕۆژنامەنووسێکی مەخموور هاتە لام ڕاپۆرتێکی لەسەر هەڵبژاردن هەبوو بۆ رادیۆ، منیش بە شیعر وەڵامی ئەوم دایەوە، شیعرەکەشم ١٢٠ دێر بوو، کەچی دواتر بینیم بۆ ڕێکلامی هەڵبژاردن ئەو شیعرە لێ دەدرایەوە.

* لێرەدا شاعیری ناسراوی مەخموور، مەلای قەراجی پارچە شیعرێکی خۆی کە لەساڵانی هەشتاکان نووسیویەتی کردیە دیاری ئەو چاوپێکەوتنە هەروەك دەڵێت:



**باخچە سەوزەکەی بەر قاپیماڵم**
**نوقڵ و نەباتی ماڵ و منداڵم**
**هیوای دوارۆژوو وەکو بەهەشتم**
**شوێنی سەیرانو گوزارو گەشتم**
**ئاوی بیرەکەت زم زمو کەوسەر**
**چەشنی تاڤگەیە کەوا دێتەدەر**
**بەهاوین ساردو بەزستان گەرم**
**سەرچاوەی هەستو شیعروهونەرم**
**باخچەجوانەکەی پڕ سلقو توورم**
**خۆشترین باخچەی شاری مەخموورم**
**لە پێش ماڵەوە وەك بەهەشت وایە**
**بۆ من سامانەو بەخششی خودایە**

# سۆزێك بۆ یادی ١٢ ساڵەی هونەرمەندی میوزیکژەن (سەید ئەحمەد بەرزنجی)

**جەمیل سنجاوی**

شەوی ٢/٣ی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٩٩ هونەرمەندی گەورەی نەتەوەکەمان (سەید ئەحمەد سەید عەبدولکەریم بەرزنجی) بەهۆی نەخۆشیەکی کوشندە ماڵئاوایی یەکجارەکی لێکردین، بەلەدەستدانی ئەم مرۆڤە دڵسۆزە درزێکی گەورە کەوتە نێو بزاڤی هونەری میوزیکی کوردی، هونەرمەند (سەید ئەحمەد) ساڵی ١٩٥٢ لەبناری چیا سەرکەشەکەی (قەرەچووغ)ی قەزای مەخموور چاوی بەژیان هەڵهێناوە. هەر لەسەرەتای منداڵیەوە هۆگری بەهاری دەشتی قەراجو قاسپەی کەوەکانی (قەرەچووغ) بووە، هەر ئەمانەش بوونەتە هەوێنو هۆکار بۆ هونەرمەند کە شەیداو هۆگری مۆسیقا بێت، (سەید ئەحمەد بەرزنجی)ی هونەرمەند ساڵی ١٩٥٨ دەست بە خوێندن دەکات، قۆناغی سەرەتاییو ناوەندی لەمەخموور تەواو دەکاتو ساڵی ١٩٦٧ لەخانەی مامۆستایانی هەولێر وەردەگیرێت، لەماوەی سێ ساڵی خوێندنی لەخانەی مامۆستایان ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێرێ لەبواری مۆسیقادا، لەپشووی هاوینەشدا کە دەگەڕایەوە بۆمەخموور، بەشداریی ئاهەنگەکانی ئەوێی دەکرد، لەساڵی ١٩٦٩ خانەی مامۆستایان تەواو دەکاتو دەبێتە سەرباز، دوای ئەوەی خزمەتی سەربازی تەواو دەکات، بە مامۆستا دادەمەزرێتو دوای خزمەتێکی کەم دەگوازرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکان.

هونەرمەند هەرچەندە لەشوێنی لەدایکبوونی دوور بووە، بەڵام تاڕادەیەك توانیویەتی بەشداری ئاهەنگەکانی شارۆچکەی مەخموور بکات، بۆ نموونە: لە هەر سێ ئاهەنگەکانی نەورۆزی ساڵانی ١٩٧١، ١٩٧٢، ١٩٧٣، کە لە (بازارگە)، (قەلاتی مەخموور)، (دێی قەسران) سازدران، بەسێ ئاهەنگی مەزن دەژمێردرێن لەمێژووی ناوچەکە، سەرەڕای بەشداریکردنی لە ئاهەنگەکانیدا ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە هاندانی لاوان بۆ بەشداربوونیان لەئاهەنگەکانو فێربوونی ئامێرەکانی مۆسیقا.

کاتکێش تیپی مۆسیقای شۆرش دروست دەبێت هونەرمەند پەیوەندی بە تیپەکە دەکات، ڕۆڵی کاریگەری تێدا دەگێرێ، لەگەڵ دروست بوونی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی (سەید ئەحمەد) پەیوەندی بە کۆمەڵەوە دەکاتو بەشداری چالاکییەکانی دەکات، لەگەڵ (تیپی هونەری هەولێر)یش وەك مۆسیقا ژەنێکی کارامەو ئاواز دانەرێکی لێهاتوو چەندین ئاوازو دابەشکردنی بۆ هونەرمەندان داناوە لەساڵی ١٩٨٣ (تیپی کاوە)ی دامەزراندووەو سەرۆکایەتی ئەم تیپەی کردووەو چالاکی نواندووە لە گشت ئاهەنگو بۆنە نیشتمانیو نەتەوەییەکان کۆمەڵی بەرهەمی بە پێزو بۆ هونەرمەندان تۆمار دەکات، لەساڵی ١٩٧٩ دەبێتە سکرتێری تیپی ئۆگسترای کوردستان، هەروەها ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردستان بووە، بەهۆی لێهاتوویی و کارامەیی لەساڵی ١٩٩٨ دەبێتە بەڕێوەبەری کەلەپووری میللیی سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیریی، هونەرمەند هاوکاری زۆری لاوە تازە پێگەیشتووەکانی کردووە بۆ نموونە لەساڵی ١٩٩٦ گۆرانی (نازیلێ)ی بۆ هونەرمەند (فاخیر نامق) ئامادەکردو (تیپی مۆسیقای قەرەچووغ)یش بۆی تۆمارکرد.

هونەرمەند لەشاری هەولێر دەژیاو لەساڵی ١٩٧٨ ژنی هێنابوو، لەیادی دوانزە ساڵەی ئەم هونەرمەندە مەزنە دەڵێین گەر بەجەستە لەلامان ونی، بەڵام بەرهەمو ئاوازە بەپێزەکانت هەر بە نەمریو بەرزی دەمێنێتەوەو دەبنە بەشێکی هەرە زیندووی هونەری نەتەوەییمان، هەتا هەتایە نەوەکانی داهاتوو شانازی پێوە دەکەن، لوتکەی بەرزی (قەرەچووغ)یش لەم یادە سەری ڕێزو نەوازش بۆ گیانی پاکت دادەنوێنێت.




# کۆژانەکانی خەڵکی مەخموور لەهەندەران



**سەرهەنگ خامۆش**

زۆرن ئەوانەی بارگەی کۆچیان تێك ناو بەرەو نامۆ گوزەریان کرد ئەوانەی لەیادگاری زیاتر هیچیان بۆ جێ نەهێشتین، مەخمووریش وەك یەکێك لەشارەکانی تری کوردستان کەوا خەڵکێکی زۆری سەفەریان کرد بۆ دەرەوەی وڵات، هەر لەکۆنەوە ئەم شارۆچکەیە خەڵکێکی سادەو ساکارو دڵپاكو کوردپەروەری لێبووە، پەیوەندیەکی پتەو لەنێوانیاندا هەبووە لەگشت بۆنەو ساتەکان یەکتریان بەسەرکردۆتەوە.

مەخموور لەکاتی خۆی ڕژێم هیچ گرنگییەکی پێ نەدەدا لەگشت بوارەکانی خزمەتگوزاری، جگە لەوەش هەڵمەتی بەتەعریبکردنی ئەم شارەی گرتبووە ئەستۆ، بەڵام ئەم دەڤەرە کۆمەڵێ پێشمەرگەی ئازاو چاونەترسی هەبوو هەر ئەمەش وایکردبوو دەستو پێوەندەکانی بەعس چاوترسێن بن، ئەمە جگە لەوەی مەخموور کۆمەڵێ شەهیدی بەرچاوی هەیە لەشۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی کوردستان، بەداخەوە ئەم شارۆچکەیە تاکو ئێستاش بەدەست هەندێ پاشماوە ناڕەواکانی ئەم سەردەمەی پێشوو دەناڵێنێو لەزۆربەی خزمەتگوزارییەکان بێبەشە. با زیاتر لەبابەتەکە لانەدەین، بەڵام تۆ بڵێی ئەم شارەش هەر وەکو شارەکانی تر لەژێر ئەم هەموو ئازارو کۆژانانە نەبووبێ؟ یاخود ئەم ئابلۆقە ئابورییەی کە بەسەر عێراق سەپابوو یان ئەو بارە ناهەموارەی نێوان ئەو دوو حیزبە سەرەکیەی گۆڕەپانی سیاسی کوردستان هەبوو ئەمانەو زۆر شتی تر وای لەخەڵکی ئەم ناوچەیە نەکردبێ ڕوو لەهەندەران بکەن؟.

یەکێك لەم بەڕێزانە کە کەسێکی کوردپەروەرو ڕۆشنبیرو شیعردۆستە ئەویش مامۆستا (شوان حەسەن حوسنی)ە، مامۆستا شوان لەنیسانی ساڵی ١٩٥٦ لەقەسرانی سەر بەشارۆچکەی مەخموور لەدایکبووە، سەرەتا لەقوتابخانەی بازاڕگەو دواتر قوتابخانەی قەراجو تاپۆلی پێنجەمی ئامادەیی هەر لەمەخموور بووە، دوای ئەوە پەیوەندی کردووە بەیەکێتی قوتابیانی کوردستان، ئینجا چۆتە شاری هەولێر، قۆناغی ئامادەیی لەهەولێر تەواودەکات، ئینجا بەسەرکەوتوویی کۆلێژی پەرستاران لەشاری بەغدا لەساڵی ١٩٨٠–١٩٨١ تەواودەکات، لەساڵی ١٩٨٢ جێگری ڕاگری پەیمانگای پزیشکی هەولێر بووە تا ١٩٨٥، ئینجا بۆتە بەڕێوەبەری ئامادەیی پەرستارانی هەولێر لەساڵی ١٩٩٣ کوردستانی جێهێشتووە تائێستا لەوڵاتی کەنەدا دەژی وەك خۆی دەڵێ: (بە جەستە لێرەم، بەڵام بیرو هۆشم هەر لەمەخموورە).

شوان کەسێکی هەڵکەوتووە لەزۆربەی بوارەکان، باوکیشی (حەسەن حوسنی) یەکێك بووە لەپیاوە ناودارەکانی مەخموور. لێرەدا دەمەوێ بڵێم ڕۆژ نییە لەماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکانی لەکۆمێنتەکان، ئاهوو هەناسە ساردەکانو دوورە پەرێزی خەڵکی مەخموورمان بەرچاو نەکەوێت لەهەندەران. زۆربەی زۆری ئەوانەش لێهاتوونو گەنجی بەتوانان، یەکێك لەوانە مامۆستا شوانە، کە زۆربەی کاتەکان یادگارییەکانی زۆر ڕۆمانسیانە بەرامبەر نیشتیمانو شارەکەی دەربڕیووە، بەڵام ئەمجارەیان بەشێوەیەك لەچوارچێوەی وێنەیەکدا بەرجەستەی کردووە کە دوورەپەرێزی خاكو نیشتیمانەکەی چۆن فرمێسکیان لەچاوەکانی هەڵڕشتووە، هەر بۆ ئەمەش بەشێوەیەکی نۆستالیژی پەنای بردۆتە بەر شیعرێکی شاعیری گەورە (هێمن موکریانی) کە تێکەڵ بەوێنەیەکی جوانی کردووە دەبا بزانین وێنەو شیعرەکە چۆن بۆمان دەدوێنو ئەو کەسانەی کە لەنێو وێنەکەشدا هەن چۆن چاویان بڕیوەتە فرمێسکەکانی شوان:

مامۆستا شوان لێرەدا بەشێوازێکی ئێستاتیکی قوڵ بۆتەوە فەزایەکی شیعری پڕ فانتازیای ڕەخساندووە بەهاوڕێکانی دەڵێ کە لەوێنەکەدا ئاماژەی پێ کردوون، من ئەمشەو بۆ مەخموور زۆر گریاوم، بەڵام چ جۆرە گریانێك بۆ ڕابردوو کە خۆی لەنێو گەنجیو منداڵیو هاوەڵانو شارەکەی دۆزیوەتەوە.

منیش کە ئەم هەڵوێستە پڕ نۆستالیژیایەی مامۆستا شوانم خوێندەوە لەماڵپەڕێکی ئەلیکترۆنی موچڕکێکی پڕ لەبیرەوەری تاڵو شیرینی مەخموور هەموو گیانی ورژاندم کە بتوانم چی بۆ ئەو هەستە جوانەی ئەو دابڕێژم تاحەسرەتەکانی خۆمو ئەوی تیا کۆبکەمەوە بڵێم:

**کە شوان دەگری**

**ئازارەکان**
**لەژێر پەلە هەورێکی نامۆدا**
**پەیامێك**
**بە باران دەسپێرن**
**کوچەو کۆلانەکانی شارێك**
**تەڕ تەڕ دەکەن لەعیشق**

**شارێك**
**چاوەکانی لە ڕەنگی بەهارە**
**بۆتە ملوانکەیەك**
**وا لە ملی قەرەچوغدا**

**کە شوان دەگری**
**شەنگەبێری**
**لە دەشتی کاکی بە کاکی**
**چاوەڕێی ژوانێکە**
**سینەی بۆ**
**پە نجە پڕ تامەزرۆکانی**
**کورە قەراجییەك**
**بکاتە مەڵبەندی ڕاموسان**

**کە شوان دەگری**
**کەمانجەکەی دلزار**
**ئاوازێك**
**بۆ جودایی دەژەنێ**
**نۆتەکان**
**دەبن بە پە پوولە**
**کۆلان.. کۆلان**
**شەقام.. شەقام**
**ماڵ بە ماڵ**
**لەگەڵ ورشەی گەلا ڕێزان**
**یادگارییەکان دە پێچنەوە**

**کە شوان دەگری**
**لە ماڵەکەی حەسەن حوسنی**
**گوڵ دەباری**
**دەیکا بە چە پکێك و**
**سەر لە نوێ**
**دەچێتەوە سەربان**
**بۆ کچە دراوسێکەیان**
**دەیکاتە دیاری**

**کە شوان دەگری**
**خۆیو جانتایەك**
**پڕ لە بیرەوەری**
**پڕ لەو جوانیانەی**
**کە لەدوا ساتەکانی بیرەوەری**
**لەشارەکەی جێ هێشتووە**

**کە شوان دەگری**
**بە شارەکەی دەڵێ**
**یەقین نیم لە هاتنەوەم**
**بۆ باوەشت**
**چیتر چاوەڕوانی**
**شەمەندەفەرە بێ ژوانەکانی**
**بەر وێستگەی فیراق مەبە**
**یادگارییەکانی تۆم بەسە**
**ئەی مەخموور**
**تا لە تەنهایی**
**کاڵ نە بمەوە...**

دەبا هەموومان بە گشت چینو توێژەکان ئەوانەی لەدەرەوەو ناوەوەی هەرێمن چیتر بۆ مەخموور نەگرین کاری بۆ بکەین و ئاوەدانی بکەینەوە بۆ ئەوەی ڕەسەنایەتی مەخموور لە دەست نەدەین دیموکراسیانەو ئازادانە تێیدا بژینو چیتر بێ نازی نەکەین کلتووری ئەم شارە خۆشەویستە بپارێزین هەوڵی بۆ بدەین بۆ ئەوەی وەك هەموو شارەکانی تر بگەڕێتەوە ژێر کۆنترۆلی هەرێمی کوردستان.

Xamosh_s@hotmail.com



### لەساڵی ٢٠٠٧ەوە کراوەتە بارەگایەکی حیزبی

# وەرزشوانانی مەخموور داوای (مرکزشباب)ی مەخموور دەکەنەوە

**ناوەندی وەرزش و لاوانی مەخموور (مرکز شباب) لەساڵی ٢٠٠٧ەوە کراوەتە بارەگایەکی حیزبی، لەلایەن خۆیانەوە وەرزشوانانی مەخموور داوای گەڕانەوەی بینایەی ئەو ناوەندە دەکەن و، بەرپرسێکی باڵاش پێی وایە وەرزشوانانی مەخموور دەبێت بە یاداشتێك داوای ئەو ناوەندە بکەنەوە، هەروەها ئەگەر شوێنێکی گونجاو هەبێت بارەگاکەمان دەگوازینەوە، ئەمەو لەکاتێك ٣١ فەرمانبەری ئەو ناوەندە تەنها لە سێ ژوور دەوام دەکەن.**

## تایبەت بەدەنگی مەخموور




٣١ فەرمانبەر لە سێ ژووری بینایەی ئێستای ناوەندی وەرزش و لاوانی مەخموور دەوام دەکەن

بینایەی کۆنی ناوەندی وەرزش و لاوانی مەخموور کە ئێستا بووەتە بارەگایەکی حیزبی

هەروەك وەرزشوانانی مەخموور باس لەوە دەکەن کە ناوەندی وەرزش و لاوانی مەخموور لەساڵانی هەشتاکان ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لەخزمەتکردن، بەدەیان وەرزشوان و هونەرمەندی پێگەیاندووە. لەوبارەیەوە وەرزشوان (سالار قادر) دەڵێت "ساڵانێکی زۆر ئەو ناوەندە خزمەتێکی دیارو بەرچاوی مەخمووری کردووە، کاتی خۆی بۆ هەر یارییەك ژوورێکی تایبەتی هەبوو، جگە لەیاری تۆپی پێ ئەوا بەشی شانۆو مۆسیقاو یارییە کوشتارییەکان و بەرزکردنەوەی قورسایی و تێنس و...هتد تێدابووە"، سالارقادر باس لەوەدەکات کە سەردەمانێك مرکز شبابی کۆنی مەخموور لەلایەن خوالێخۆشبوو (عەزیز قادر) بەتەنها بەڕێوەدەچوو، کەچی ئێستا لەبەرامبەر ئەو ژمارە زۆرەی فەرمانبەران خزمەت ناکەن، بەداخەوە ئێستا ناوەندەکە لەشوێنی خۆی نەماوەو کراوەتە بارەگایەکی حیزبی، پێموایە ئەوەی ئێستا لەو ناوەندە کاردەکات جگە لە چاخواردن و قاوەخواردنەوە شتێکی دیکە سەرقاڵی نەکردوون!".

شێخ ستار یەکێکە لەوەرزشوانە دیارەکانی مەخموور، دەڵێت "هەمووکەس دەزانێت ئەو ناوەندە کراوەتە بارەگای حیزبی، بەڵام چ لەگەڵ حیزب دەکرێ!". ئەمیر عەبدوڵا وەرزشوانێکی دیکەی مەخموورە، لەبارەی دەستبەسەرکردنی ناوەندی وەرزش و لاوانی مەخموور لەلایەن حیزبەوە دەڵێت "داوا دەکەین ئەو ناوەندە بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، لەبەرئەوەی مەخموور پێویستی بەو ناوەندە هەیە چونکە بۆ وەرزش و لاوان کراوە نەوەك بۆ بارەگای حیزبی"، ئەمیر باس لەوەدەکات کە فەرمانبەرانی ئەو ناوەندە ئێستا لەیەك دوو ژوور دان و هیچ هۆڵ و شوێنێکی تایبەتییان نییە، هەروەها دەڵێت "بەداخەوە وەرزشوانانی مەخموور بێدەنگی دەنوێنن لەبەرامبەر دەستبەسەرکردنی ئەو ناوەندە". ئەو وەرزشوانە داوادەکات کە ئەو ناوەندە بگەڕێتەوە بۆ وەرزشوانانی مەخموور، چونکە ماوەی ٤ ساڵە کراوەتە بارەگایەکی حیزبی.

لەلایەن خۆیەوە بەڕێوەبەری ناوەندی وەرزش و لاوانی مەخموور پاڵپشتی لە داوای وەرزشوانانی مەخموور دەکات بۆ گەڕانەوەی ئەو ناوەندە، سەید نەوزاد بەڕێوەبەری ئەو ناوەندە، باسی لەوەکردو گوتی "ئێمە بەنووسراوی فەرمی داوامان کردووە کە ئەو بینایەی جاران وەربگرینەوە، بەڵام ئەوان لەبەدیلی ئەو بینایە لەهەوڵدان بینایەکی ترمان بۆ بکەنەوە". سەید نەوزاد گوتیشی "ناوەندەکەمان ٣١ فەرمانبەری هەیە، ئەگەرچی بینایەمان نییە، بەڵام بەشێوەیەکی کاتی لە چەند ژوورێك داین تائەوکاتەی بینایەکی نوێیمان بۆدروست دەکرێت". ڕاشیگەیاند "بڕیاری دروستکردنی بینایەکی نوێ لەقۆناخی تەواوبووندایەو پێیان ڕاگەیاندوین کە مۆڵەتی وەزارەتی دارایی بۆ وەرگیراوە".

سەبارەت بە داوای وەرزشووانانی مەخموور بۆ گەڕانەوەی ئەو ناوەندە، بەرپرسی ڕاگەیاندنی لقی٢٣ی پارتی لەمەخموور، ئاماژەی بەوەداو گوتی "وەرزشوانانی مەخموور دەتوانن یاداشتێك پێشکەشی ئیدارەی ناوچەکە بکەن بۆ سەلماندنی داواکەیان، بۆیە ئەو مەسەلە پەیوەندی بە ئیدارەی ناوچەکە هەیە". کوردۆ ئەحمەد بەرپرسی ڕاگەیاندن لە لقی٢٣، گوتیشی "ئێمە کاتێك هاتینە ئەو ناوەندە چۆڵ بوو، ئەگەر شوێنێکی گونجاو هەبێت ئەوا ئێمەش بارەگاکەمان دەگوازینەوە".

شایەنی باسە ناوەندی وەرزش و لاوانی مەخموور لەساڵانی هەشتاکان دروستکراوەو تائێستا زۆرترین خزمەتی لەبوارەکانی وەرزشی و هونەری بەو ناوچەیە گەیاندووە، هەروەك وەرزشوانان داوای گەڕانەوەی ئەو ناوەندە دەکەن و ئومێددەکەین بەدواداچوونی زیاتری بۆ بکرێت و ناوەندەکە بگەڕێتەوە بۆ وەرزشوانانی مەخموور.

# ناوەندی مەخموور پلەی دووەمی بەدەستهێنا



**عەبدولرەحمان ئادەم**

تیپی تۆپی دەستی ناوەندی وەرزش و لاوانی مەخموور توانی پلەی دووەم دەستەبەربکات لەپاڵەوانێتی تۆپی دەستی ناوەندەکانی وەرزش و لاوانی سنووری پارێزگای هەولێر کە ساڵانە بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی هەولێر ئەنجامی دەدات.

بەبەشداری ١٠ ناوەندی وەرزشی کە بەدوو قۆناغ بەڕێوەچوو، لەئەنجامدا ناوەندی هەولێر توانی پلەی یەکەم بۆ خۆی مسۆگەربکات، هەرچەندە لەدوا قۆناغدا ناوەندی مەخموور توانی سەرکەوتن بەسەر ناوەندی هەولێر بەئەنجامی ١٣ گۆڵ بەرامبەر ١١ گۆڵ تۆماربکات، ئەو یارییەش لەیاریگای ناوەندی مەخموور بەڕێوەچوو، بەڵام بەگوێرەی کۆکردنەوەی خاڵەکان ناوەندی هەولێر پلەی یەکەمی بەدەستهێنا. لەکۆتایی ئەم پاڵەوانێتیەدا لەمەراسیمێکدا کە لەهۆڵی زەرد لەشاری هەولێر بەڕێوەچوو، خەڵات بەسەر ناوەندە سەرکەوتووەکان و یاریزانەکان دابەشکرا.

# ڕۆناڵدۆ و ڕۆنی و میسی بەرزترین مووچە وەردەگرن



بەگوێرەی بەرزترین مووچەی یاریزانانی جیهان هەریەك لە کریستیانۆ ڕۆنی و میسی لەپلەی یەکەم و دووەم و سێیەمدان، هەروەك لەخوارەوە ناوی بەرزترین مووچەی یاریزانانی جیهان دیاریکراوە:

١- کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ یاریزانی یانەی ڕیال مەدرید بە داهاتی ١٢ ملیۆن یۆرۆ لە ساڵێکدا پرداهاترین یاریزانی جیهانە. ٢- واین ڕۆنی یاریزانی یانەی مانچستەر یونایتد بە ١١,٥ ملیۆن یۆرۆ لەپلەی دوەم دایە. ٣- لیونێل مێسی یاریزانەی یانەی بەرشلۆنە بەداهاتی ١١ ملیۆن لە پلەی سێیەمدایە. ٤- یەحیا تۆرێ بەداهاتی ١٠,٨ ملیۆن یۆرۆ لەیانەی مانچستەرسیتی لەپلەی چوارەم دایە. ٥- سامویێل ئیتۆ بەداهاتی ١٠,٥ لە یانەی ئینتەرمیلان لە پلەی پێنجەم دایە. ٦- شنایدێر و زلاتان ئیبراهۆمۆڤیچ لە یانەی ئینتەرمیلان لەپلەکانی شەشەم و حەفتەم دایە. ٧- کاکا لەیانەی ڕیال مەدرید و جۆن تێری لەیانەی چێلسی بەداهاتی ٩ ملیۆن یۆرۆ لەپلەکانی هەشتەم و نۆیەم دایە. ٨- ئیمانۆیل ئادیبایۆر لەیانەی مانچستەرسیتی بەداهاتی ٨,٤ لە پلەی دەیەم دایە.

# دێربی مەخموورو دیبەگە بەسەرکەوتنی دیبەگە کۆتایی هات



لەیاری کۆتایی خولی تۆپی پێی قوتابخانەکانی سنووری پەروەردەی مەخموور، ئامادەیی دیبەگەی کوڕان لەیارییەکی جەماوەریدا توانی سەربکەوێت بەسەر ئامادەیی ئەندازەی مەخموور.

هەروەك وەرزشوانی مەخموور هەریارییەکی نێوان مەخموورو دیبەگە بەیاری دێربی ناوزەد دەکەن، جارێکی دیکە مەخموورو دیبەگە ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، هەرچەندە ئەمجارە لەسەرئاستی قوتابخانەکان بوو، بەڵام بەدەرنەبوو لەو ململانێیەی نێوان هەردوو ناوچە، هەربۆیە لەیاری کۆتایی هەرلەسەرەتای یارییەکەوە توندوتیژی لێکەوتەوەو هاندەرانی هەردوولا بەحەماسەتێکی زۆرەوە هانی یاریزانەکانیان دەداو، سەرەنجام ئامادەیی دیبەگە توانی بەئەنجامی دوو گۆڵی بێ بەرامبەر لەئامادەیی ئەندازەی مەخموور بباتەوە. لەیاری کۆتایی ئەم خولەشدا یاریزانانی ئامادەیی دیبەگە بەشێوەیەکی زۆر جوان کۆنترۆڵی یاریگایان بۆ خۆیان کردبوو لەڕێگەی ئەزموونی چەند یاریزانێکی بەتوانا کە لەریزەکانی یانەکانی هەولێر یاری دەکەن توانییان دوو گۆڵ تۆمار بکەن و لەبەرامبەریشدا یاریزانانی ئامادەیی ئەندازە لەگەڵ ئەوەی ئاستێکی باشیان نیشاندا، بەڵام سەرەنجام یانەکەی دیبەگە توانی دێربی (مەخموورو دیبەگە) لەسوودو قازانجی خۆیان کۆتایی پێبهێنن.

# میران بەدرێسی بەرشلۆنەو هاندەری ڕیالە



میران عەبدولقادر یەکێکە لەیاریزانە بەهرەمەندەکانی مەخموور، کە لەیاری کۆتایی خولی تۆپی پێی پەروەردەی مەخموور توانی هاتریك تۆماربکات و قوتابخانەکەی بەرەو سەرکەوتن ببات.

میران عەبدولقادر محەمەد لەساڵی ١٩٩٦ لەمەخموور لەدایکبووە، قوتابی پۆلی شەشەمی بنەڕەتیە لەقوتابخانەی قەرەچووغی کوڕان، وەکو یاریزانێکی چالاك و بەتوانا لەیاری کۆتایی خولی تۆپی پێی پەروەردەی مەخموور لەسەر ئاستی هەموو قوتابخانەکانی مەخموور، توانی ٣ گۆڵ تۆماربکات و قوتابخانەکەشی لەیاری کۆتایی بەئەنجامی ٦-١ گۆڵ لەقوتابخانەی قەرەسۆنگولی کەمپی مەخموور بباتەوە. دوای ئەوەی میران لەگەڵ یاریزانانی قوتابخانەکەی پلەی یەکەمیان بەدەستهێنا، لەهەمانکات نازناوی گۆڵکاری ئەم خولەشی بەتۆمارکردنی ١١ گۆڵ بەدەستهێنا.

میران ئەو یاریزانە بەهرەمەندەی مەخموور سەرسامە بەئاستی یاریزانی بەناوبانگی جیهانی و یانەی شاهانەی ئیسپانی (کریستیانۆ ڕۆنالدۆ)، هەرچەندە لەیاری کۆتایی خولەکە هەروەك لەو وێنەیە دەرکەوتووە درێسی یانەی بەرشلۆنەی پۆشیوە. لەکۆتاییدا میران هیوای ئەوە دەخوازێت لەئایندە لەیانەی وەرزشی مەخموور یاری بکات و ئاستی تۆپی پێی مەخمووریش بەرەو پێشەوە هەنگاوبنێت.

## هەواڵە وەرزشییەکان

**عەبدولرەحمان ئادەم**

**ڕیال پشیلەی حەوت ڕۆحە**

گواردیۆلای ڕاهێنەری یانەی بەرشلۆنەی کەتەلۆنی لەلێدوانێکیدا ڕایگەیاند "پارێزگاریکردن لەخولی ئیسپانیا وا ئاسان نییە، بەتایبەت کە ڕکابەرەکەمان ڕیال مەدرید بێت"، گوتیشی "بەبڕوای من ڕیال وەك پشیلەیەکی حەوت ڕۆح وایە بەئاسانی نامرێت، لەتوانای هەیە تا دوا هەفتە ململانێمان بکات".

**مانچستەر بۆ فرۆشتنە**

یەکێك لەدەوڵەمەندترین کۆمپانیاکانی جیهان بەناوی (قەتەر فاوندەیشین) لەهەوڵی کڕینی یانەی مانچستەر دایە، بۆ ئەم مەبەستە بڕی ١,٥ ملیار پاوەندیان ئامادەکردووە، بەڵام خاوەنی یانەکە داوای ٢ ملیاریان کردووە لەبەرامبەر فرۆشتنی شەیتانە سوورەکان، پێدەچێت کۆمپانیا قەتەرییەکە ڕازی بێت.

**ئایا میسی سزادەدرێت**

دوای ئەو گۆڵەی یاریزانی یانەی بەرشەلۆنە لیۆنێل میسی لەیانەی ڕایسینگ لەخولی ئیسپانیا تۆماری کرد لەڕێگەی بەرزکردنەوەی درێسەکەیەوە ئەو ڕستەیەی نیشانی جەماوەرو کامیراکاندا کە لەسەری نووسرابوو (جەژنی لەدایکبوونت پیرۆزبێت دایە) ئەگەری سزادانی لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیەوە هەیە هەروەك ناوبژیوانی یارییەکە لەڕاپۆرتی خۆیدا نووسیویەتی.

**ڕیال هێرشبەری دەوێ**

خوزێ مۆرینهۆ ڕاهێنەری یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی بەبڕی ١١٥ ملیۆن یۆرۆ بۆ گرێبەستی هەردوو یاریزانانی یانەی تۆتنهامی ئینگلیزی گارس بال و لوکا مۆدریچ تەرخان کردووە. یانەی تۆتنهامیش داوای ٣٥ ملیۆن یۆرۆ بۆ دەستبەرداری لوکا مۆدریچ و هەروەها بۆ گارس بال داوای ٨٠ ملیۆن یۆرۆ دەکات.

**سێ یاریگای نێودەوڵەتی لەکوردستان دروستدەکرێت**

د.بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دیدارێکیدا ڕایگەیاند "حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریداوە سێ یاریگای نێودەوڵەتی لەشارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك، لەسەر بودجەی ساڵی ٢٠١١ دروستبکات و یاریگای چوارەمیش لەشاری کەرکوك لەبەرنامەی کاری حکومەتدایە.

**سێ هەڵبژاردە بۆ پاڵەوانێتی ئاسیا**

یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا لەڕوونکردنەوەیەکدا ڕایگەیاند ئەو هەڵبژاردانی کە لە پلەی یەکەم تا پلەی سێیەم بە دەست دەهێنێت ڕاستەوخۆ سەردەکەون بۆ جامی نەتەوەکانی ئاسیا کە لەوڵاتی ئوسترالیا (٢٠١٥) ئەنجام دەدرێت.

مۆبایلی سەرنووسەر
٠٧٥٠ ٤٦٥ ٥٤٦٣
makhmur@yahoo.com

دەستەی نووسەران
خەلیل پاڵانی - عەبدولرەحمان ئادەم
کارزان غەمگین

ماڵپەری ئەلیکترۆنی
www.mexmurpress.com

ناونیشان
کوردستان - هەولێر
مەخموور